# كوردستان
# له دژه تیرۆره‌وه بۆ دژایه‌تیكردنی دزی و ته‌زویر و كولێرا

***سه‌نگه‌ر زراری***
Sangarz81@yahoo.com

ماوه‌یه‌ك به‌ر له‌ ئێستا له‌ ولاتی مه‌غریب هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانیی ئه‌نجامدرا، پێش ئه‌وه‌ی هه‌ڵبژاردن ده‌ست پێبكات، تێبینی ئه‌وه كرا كه‌ له‌ پرۆپاگه‌نده‌ی حزبه‌كان بۆ هه‌ڵبژاردن باسی پاراستنی بارودۆخی ئه‌منی و پاراستنی خه‌ڵك له‌ تیرۆر نه‌ده‌كرا، ئه‌و حزبه‌ی باسیشی كردبا خه‌ڵكه‌كه‌ گرنگییه‌كی ئه‌وتۆیان پێ نه‌ده‌دا، ئه‌مه‌ له‌كاتێكدا كه‌ كه‌م كون و كه‌له‌به‌ری ئه‌م جیهانه‌ هه‌یه‌ پریشكی تیرۆری به‌ر نه‌كه‌وتبێ، هۆكاری به‌رزنه‌كردنه‌وه‌ی دروشمی "دژه تیرۆر" له‌لایه‌ن حزبه‌كانی مه‌غریب، ئه‌وه‌بوو كه‌ ئه‌م ولاته‌ تا راده‌یه‌كی زۆر دووره‌ له‌ كاری تیرۆر و توندوتیژی، ئه‌وه‌ی خه‌ڵك له‌م ولاته‌ پێویستیان بوو "نان" بوو نه‌ك "دژایه‌تیكردنی تیرۆر"، خه‌ڵكی ئه‌م ولاته‌ ده‌سه‌ڵاتێكی وایان ده‌ویست كه‌ "نان"یان بۆ په‌یدا بكات و بارودۆخی ئابووری خه‌ڵك باش بكات و كه‌مێك خۆشگوزه‌رانی بۆ ئه‌م خه‌ڵكه‌ هه‌ژاره‌ و كار بۆ بێكاره‌كانیان فه‌راهه‌م بكات، چونكه‌ له‌وێ هه‌ژاریی ته‌شه‌نه‌ی كردووه‌ و رێژه‌ی بێكاریش له‌ زیادبووندایه‌، ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وان مه‌ترسییه‌كه‌ی له‌ تیرۆر زیاتره‌، بۆیه‌ ئه‌وان به‌دوای ئه‌و پرۆپاگه‌ندانه‌دا ده‌چوون كه‌ باسی باشكردنی ژیان و گوزه‌رانی ئه‌وانی ده‌كرد، نه‌ك ئه‌و پرۆپاگه‌ندانه‌ی باسی وه‌ستانه‌وه‌یان ده‌كرد له‌ دژی شه‌ڕێك كه‌ له‌ بنه‌ڕه‌تدا لای ئه‌وان له‌ئارادا نه‌بوو.

له‌م نموونه‌یه‌وه‌ ده‌مه‌وێ ئه‌وه‌ بڵێم كه‌ ئه‌گه‌رچی شه‌ڕوشۆڕ له‌عێراقدا له‌ هه‌موو ولاتانی جیهان زیاتره‌، به‌لام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا خۆشبه‌ختانه‌ تاراده‌یه‌كی زۆر ئه‌م شه‌ڕوشۆڕه‌ دووره‌ له‌ كوردستان، بۆیه‌ش ئه‌و بێگانانه‌ی دێنه‌ ئێره‌. كوردستان به‌ ولاتێكی جیاواز له‌ عێراق ناوزه‌د ده‌كه‌ن، كه‌واته‌ به‌هه‌ر هۆیه‌ك بێت، تیرۆر و توندوتیژی تاراده‌یه‌ك دوورن له‌ كوردستان، بۆیه‌ ئه‌و پرۆپاگه‌ندانه‌ی له‌لایه‌ن حكومه‌تی عێراقییه‌وه‌ ده‌كرێت بۆ پاراستنی خه‌ڵك له‌ تیرۆر و به‌م هۆیه‌شه‌وه‌ كه‌س و لایه‌نه‌ سیاسییه‌كان هه‌وڵده‌ده‌ن ده‌نگی جه‌ماوه‌ر به‌ده‌ست بێنن و پشتگیری هه‌موو لایه‌ك بۆخۆیان مسۆگه‌ر بكه‌ن، هه‌مان پرۆپاگه‌نده‌ بۆ كوردستان دروست نییه‌، ئه‌مه‌ مانای ئه‌وه‌ نییه‌ كه‌ كوردستان دووره‌ له‌ تیرۆر... نه‌خێر كوردستانیش رووبه‌ڕووی چه‌ندین كاری تیرۆریستی بووه‌ته‌وه‌ و زه‌بری كوشنده‌ی له‌م لایه‌نه‌وه‌ پێكه‌وتووه‌، ته‌نانه‌ت هیچ زه‌مانه‌تێكی ئه‌وتۆش نییه‌ كه‌ كوردستان تاسه‌ر وا به‌ ئارامی بمێنێته‌وه‌، له‌كاتێكدا كه‌ زۆربه‌ی تیرۆرستان كورد به‌ لاده‌ر و جوداخواز و كافر ده‌زانن، به‌لام ده‌بێ ئه‌وه‌ش بزانین كه‌ پرسی تیرۆر له‌ ئێستادا كێشه‌ی یه‌كه‌می گه‌لانی كوردستان نییه‌، به‌ڵكو ده‌بێ پرۆپاگه‌نده‌ و كاری دژه تیرۆر بخرێته‌ دوای هه‌ندێ ئه‌ركی دیكه‌ی حكومه‌ت كه‌ ئێستا خه‌ڵكیان هه‌راسان كردووه‌، ئه‌مه‌ش نه‌ك له‌به‌رئه‌وه‌ی وه‌ستان دژی تیرۆر گرنگ نییه‌، به‌ڵكو له‌به‌رئه‌وه‌ی تیرۆر كه‌متر بوونی هه‌یه‌ به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ ئه‌و پرسانه‌ی دی كه‌ رووبه‌ڕووی خه‌ڵكی كوردستان ده‌بنه‌وه‌ و لانی كه‌م له‌ ئێستادا له‌ تیرۆر زیاتر هه‌ڕه‌شه‌ له‌ ژیانی تاك و كۆمه‌ڵگای كوردستانیی ده‌كه‌ن.

له‌ ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند مانگه‌ی رابردوو، ئێمه‌ له‌ كوردستان رووبه‌ڕووی چه‌ند گرفت و دیارده‌ و رووداوێك بووینه‌وه‌ كه‌ هه‌ریه‌كه‌یان به‌ ده‌وری خۆی كاریگه‌ری بۆ سه‌ر ژیان و مرۆڤبوونمان هه‌یه‌ و پێویسته‌ حكومه‌ت گرنگی زیاتریان پێ بدات.

له‌ماوه‌ی رابردوو چه‌ند باندێكی ته‌زویر و دزی ده‌سگیركراون و دیارده‌ی دزیكردن له‌ ئێستا به‌تایبه‌تی له‌ شاری هه‌ولێر له‌ زیادبووندایه‌، ده‌سگیركردنی چه‌ند باندێكی دزی و ته‌زویر له‌و ماوه‌یه‌دا، هێشتا پێمانه‌ڵێت ئه‌وه‌مان پێده‌ڵێت كه‌ دزی و ته‌زویر بوونیان هه‌یه‌ و له‌ هه‌موو شوێنێك ده‌بێ ئاگاداری خۆمان بین، ئه‌گه‌ر نا نه‌ك شتومه‌ك به‌ڵكو خۆشمان ده‌دزرێین، یان له‌به‌ر خاتری ماڵ و پاره‌ و ئۆتۆمبێله‌كانمان رووبه‌ڕووی مه‌رگ ده‌بینه‌وه‌، ئاخر كه‌ ئۆتۆمبێل به‌و زل و زه‌به‌لاحییه‌ی خۆیه‌وه‌ له‌ناو جه‌رگه‌ی شار و له‌ ناو قه‌ره‌باڵغی شار بدزرێت (وه‌كو له‌ مانگی ره‌مه‌زان له‌ بازاری ته‌یراوای شاری هه‌ولێر روویدا، پیاوێك له‌ كۆلانێكی ته‌نیشت بازاڕه‌كه‌  ئۆتۆمبێله‌كه‌ی راگرت بۆئه‌وه‌ی هه‌ندێ شت له‌ بازاڕه‌كه‌ بكڕێت، كه‌چی تا گه‌ڕایه‌وه‌ ئۆتۆمبێله‌كه‌یان لێ دزی و هه‌تا نووسینی ئه‌م چه‌ند دێره‌ش نه‌یدۆزیوه‌ته‌وه‌) ئینجا چۆن ئێمه‌ نادزرێین كه‌ قه‌باره‌مان زۆر له‌ ئۆتۆمبێل بچووكتره‌، به‌ڕاستی

پەیدابوونی دیاردەی دزی و تەزویر کارەساتێکی گەورەیە و نیشانەی بێ ئومێدی و بێکاری و بێ مووچەیی خەڵکە.

جگە لە دزی ماوەیەکە هەواڵەکان لە کوردستان باس لە زیادبوونی باندی قاچاخیکردن بە مادده بێهۆشکەرەکان و تلیاك و زیادبوونی بەکارهێنانی ئەو مادده بێهۆشکەرانە لەلایەن گەنجان دەکەن، بێگومان ئەمەش کارێکی یەکجار مەترسیدارە، ولاّتانی جیهان بەگشتی و تەنانەت ولاّتە پێشکەوتووەکانی لە نموونەی ولاّتانی ئەورووپاش دەمێکە بە دەست ئاڵودەبوونی گەنجەکانیان بە مادده بێهۆشکەرەکانەوە دەناڵێنن، زۆر هەوڵ دەدەن کە گەنجەکانیان لەو ماددانە دوور بخەنەوە، لە کاتێکدا گەنجەکانی ئەو ولاّتانە بە شێوەیەکی گشتی داهاتێکی ئەوتۆیان دەست دەکەوێت کە بەشی کڕینی ئەو ماددانە بکات بۆیان، بەلاّم گەنجەکانی کوردستان نەك پارە و دەسکەوتی ئەوەیان نییە ئەو ماددانەی پێ بکڕن (کە نرخەکانیان زۆر گرانە) بەڵکو یەکێك لە هۆکارەکانی فێربوون و ئاڵوودەبوونیان بەو ماددانە نەبوونی پارە و داهات و دەست نەکەوتنی کارە، ئەوان بۆیە خۆیان فێری ئەو ماددانە دەکەن تاکو خۆیان لە خەم و خەفەتی نەبوونی و بێکاری رزگار بکەن، کاتێ پارەشیان دەست نەکەوێ بۆ کڕینی ئەو ماددانە رەنگە دەست ببەن بۆ کاری خراپی لە شێوەی دزی و تەزویر لەپێناو پەیدا کردنی پارە، چونکە وەك دەزانرێ ئەگەر یەکێك فێری بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر بێت، ناتوانێ وازی لێبێنێ، تەنانەت ئامادەیە هەموو شتێکی خۆی ببەخشێت و دەست بۆ هەموو کارێکی خراپ ببات لە پێناو پەیدا کردنی بڕێك لەو ماددانە.

نەخۆشی کولێرا لە ماوەی رابردوو لە هەموو کارێکی دیکەی تیرۆریستی زیاتر هەڕەشە بوو بۆ سەر ژیانی هاوولاّتییانی ئێمە، بە تایبەتیش هەردوو شاری سلێمانی و کەرکوك، ئەمە لەکاتێکدا کە پێشتر لایەنی پەیوەندیداری حکومی لەوە ئاگادارکراوەتەوە کە ئاوی پیس دەچێتە ناو شاری سلێمانی و تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوە بووە، بەلاّم لایەنی پەیوەندیدار کەمتەرخەمی کردووە، بێگومان ئەمەش لای هەموو کەسێك روونە کە نەك تەنها نەخۆشی کولێرا، بەڵکو مەترسی بلاّوبوونەوەی چەندین نەخۆشی تری هەیە، بەداخەوە لە دەرئەنجامدا نەخۆشی کولێرا بلاّوبووەوە و کار لە کار ترازا، خەڵکێکی زۆر تووشی بوون و وا بە ئاسانیش بنبڕ ناکرێت.

ئەمانە چەند گرفتێکن لە چەندان گرفتی دیکەی لە شێوەی بلاّوبوونەوەی بێکاری و سەرلەنوێ راکردنەوەی گەنجان بۆ ئەورووپا و کوشتن و خۆسووتاندنی ژنان و کارکردن بە منداڵ و تا دەگاتە نەبوونی کارەبا و هتد... دەمەوێ بڵێم کە تەنها هەبوونی ئەمن و ئاسایش، مانای ئەوە نییە کە ئێمە گرفتمان نییە و باسی هەر شتێکی دی بکەین، حکومەت هەبوونی ئەمن و ئاسایش لەسەر خەڵك بکاتە منەتێك و لایەنەکانی دیکەی ژیان بەهۆیەوە فەرامۆش بکرێ. بەڵکو فەراهەمکردنی ئەمن و ئاسایش بەشێکە لە خزمەتگوزارییەکان و مافی هاوولاّتیبوون، لایەنەکانی دیکەش ئەگەر لەو پێویستتر نەبن، گرنگییەکەیان لەو کەمتر نییە.